www.kurdistannet.org

# دووکەڵێکی بێ ئاگر

ئێدیت کرۆزۆیل پێی وایە: چونکە کولتووری ئەمریکاییەکان جیاوازە لە هی فەرەنساییەکان، بۆیە بونیادخوازی نەیتوانی لە ئەمریکا بە هەمان شێوەی فەرەنسا، گەشە بکات و بڵاو ببێتەوە. ئاخر ئەمریکاییەکان مێژوو بە هەند ناگرن و هەمیشە چاویان بڕیوەتە داهاتوو، بەڵام فەرەنساییەکان گیرۆدەی دەستی ڕابردوون. ئایا کوردستان بۆ سەرهەڵدانی بونیادخوازی لەبار بوو؟ یان بەرەوی ڕێژەیی ئەو مێتۆدە لای ئێمە، تەنیا لە لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەوە سەرچاوەی گرت؟

کەمال ئەبودیب کە وێنەیەکی شێواوی شتراوسە، دێ بە کەرەسەکانی ئەو باسی شیعری ئیمرەئولقەیس دەکا. بونیادخوازی کوردیش کە وێنەیەکی شێواوی کەمال ئەبودیبە، دێ قەرز لە قەرزدار دەکا، کاتێ بە کەرەسەکانی وی باسی شیعری مەحوی یا نالی دەکا.

کەمال ئەبودیب دەڵێ: ‹ئەوی من کردوومە لە بواری ڕەخنەی بونیاخوازیدا، گەلێ لەوە زێترە فەرەنساییەکان و هەموو ئەورووپاییەکان کردوویانە.› هەر ئەم کەپووبڵندییە وای لە مۆدێرنیستە عەرەبەکان کردووە، بڵێن: ‹ئینسانی ئەم سەردەمە یان وەک ئێمە نوێخوازە، یان کۆنەخوازێکی نەزانە.› خۆ بە نوێخواززانە کوردەکان، لووتبەرزی و کەسانی دیکە بە جاهیل زانینیش، هەر لە برا عەرەبەکانەوە فێربوون. سەلەفیبوون: تەنیا توند خۆبەستنەوە بە دەقە پیرۆزەکانەوە نییە، وەک تووتی گوتنەوەی بیروراکانی بارت و فۆکۆیش هەر سەلەفیبوونە، بەڵام بە عەمامە و حیجابەوە نا، بە بۆینباخ و تەنوورەوە.

ئەرستۆ پێی وابوو ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە نییە کە هەیە، بەرجەستەکردنی ئەو واقیعەیە کە دەشێ ببێ. شارە پیرۆز و باڵاکەی تۆماس مۆر، ڕەخنەگرتن بوو لە واقیع. شەکسپیر لە لیر پاشادا، ڕەخنە لە ئاسمان دەگرێ. ئەرستۆفانیس لاقرتی بە خوداوەندەکان دەکا. جاهیل ئەوەیە ئەوانە بە تەقلیدی بزانێ.

مودێرنیزمی ئەورووپایی چەندین ڕێبازی لە بابەتی: ڕەمزی، تەعبیریی، دادایی، سوریالی و بێهوودەیی بە خۆیەوە دیوە. بە ڕاست خۆ بە نارەوا بە نوێخوازانە کوردەکان، لاساییکردنەوەی کوێرانەی لێ دەربچێ، چییان داهێناوە؟ واقیعی کوردستان و ئەورووپا گەلێ لە یەکدییەوە دوورن، بە ڕاست نووسینی بەرهەمێکی خۆماڵی، بە بایەختر نییە لە کۆپیکردنەوەی وێنە شێوێنراوەکەی تازەگەری؟ هەموو کەس دەتوانێ خەڵکانی دیکە بە: کۆنەپارێز، تەقلیدی، سەلەفی و جاهیل لە قەڵەم بدات، بەڵام کەمن ئەوانەی دەتوانن بەرهەمێکی نەمر بنووسن. گرنگ داهێنانە، نەک زێدەڕۆیی کردن لە نیشاندانی لووتبڵندیدا.

بۆدلێر: پەخشانەشیعر، سێرڤانتس: ساتیر، ئالتۆسێر: خوێندنەوەیەکی نوێی مارکسیزم، سۆسێر: سیستەمی زمان، هایدگەر: هێرمێنیۆتیکا، فۆکۆ: ئەرکیۆلۆژیای مەعریفە، لاکان: دەروونناسی، شتراوس: ئەنترۆپۆلۆژیا، ژاکوبسۆن: سیمیۆتیکا و ئەدوارد سەعید: ئەدەبی دوای کۆڵۆنیالیزم، بە ڕاست ‹مۆدێرنیستەکانی› لای خۆمان لە چ بوارێکدا داهێنانیان تۆمار کردووە؟ ئەوە لە پای چی لووت لە هەور دەسوون؟ بەڕاست دەکرێ مرۆڤ هاوزەمان زورنا بۆ میر لێ بدات و خۆیشی بە نوێخواز و داهێنەر بزانێ! سارتەر دەڵێ: نووسەر دەبێ داکۆکی لە ئازادی بکا. بەڕاست ئەوی داکۆکی لە دەزگای سەرکوتگەر بکا، نووسەرێکی نوێخوازە یان پۆلیسێکی وریا؟

با تازەگەری دژی لایەنە ڕۆشنەکانی شتە دێرینەکان نەبێ، با لەبری ڕەتکردنەوەی کەلەپووری ئەدەبی، ڕێگەی دیالۆگ بگرێتە بەر. با نوێخوازی ئامێزێکی نەرم و نیان بێ و بە تاسەوە چاوەڕێی بین، نەک لە باوەشیدا هێندەی تر هەست بە نامۆیی بکەین. ئەگەر عەرەبی، ئەدوار خەڕات گوتەنی ‹زمانێکی لادێیی بێ›، ئەوا کوردی زمانی کوێرەدێیەکە، بریا لەبری خۆهەڵکێشان، چونکە چەکی دیکە شک نابەین، دەمانتوانی بەو زمانە شیرینە سووکە بەشدارییەک لە گۆڕینی واقیعی باودا بکەین.

حەمەسەعید حەسەن